# سی ئای ئەی، تیۆرە فەرەنسییەکان دەخوێنێتەوە

دەربارەی کاری فیکری بۆ لەناوبردنی چەپی ڕۆشنبیری[1]

ن: گابرێل ڕۆکهیڵ

و. ئاکۆ قادر

زۆربەی جار وا مەزەندەدەکرێت بیرمەندەکان خاوەنی هێزێکی کەمی سیاسیین یاخود هیچ هێزێکی سیاسییان نیە، و بیرمەندەکان لە بورجی عاج دانیشتوون، و لە جیهانی واقیعی دابڕاون، و سەرقاڵن بە گفتوگۆی ئەکادیمیی بێمانا لەبارەی بنجوبناوانی بابەتە تایبەتمەندە بێنرخەکان، یاخود لەسەر هەوری چڕی تیۆری عەقڵە مەزنەکان مەلەدەکەن. زۆرینەی جار نەک تەنها وا وێنای بیرمەندان دەکرێت کە دابڕاو بن لە واقیعی سیاسی بەڵکو هەروەها وەک کەسانێکی بێ دەسەڵات تەماشادەکرێن لەوەی کە ناتوانن کاریگەرییەکی بەمانایان هەبێت تێیدا، بەڵام دەزگای سەرەکیی هەواڵگریی سی.ئای.ئەی بە شێوەیەکی دیکە تەماشای ئەم بابەتە دەکات.

لەڕاستیدا ئەم دەزگایە بەرپرسە لە کودەتاکان و کوشتن و یاریکردنە نهێنییەکان بە حکومەتانی دیکە، نەک هەر باوەڕی بە (هێزی تیۆر) هەبووە بەڵکو سەرچاوەی گرنگی دابینکردووە بۆ کۆمەڵێک لە سیخورە نهێنییەکانی کە لێکۆڵینەوە بکەن لەبارەی ئەوەی هەندێک پێیانوایە ئاڵۆزترین و سەختترین تیۆرەکانن کە تا ئێستا بەرهەمهاتبن. دەزگای گشتیی هەواڵگریی(سی ئای ئەی) لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجڕاکێشی ئاشکراکرد کە لەساڵی ١٩٨٥دا نوسراوە و بەم دوایانە دوای پاکژکردنێکی لاوەکی لەڕێگەی یاسای ئازادیی زانیارییەوە بڵاوکراوەتەوە، تێیدا ئاشکرای کرد کە سیخورەکانیان لەو تیۆرە فەرەنسییە ئاڵۆز، و خاوەن ئاراستە جیهانیانەیان کۆڵیوەتەوە، کە دەگەڕانەوە بۆ کەسانی وەک میشێل فۆکۆ و ژاک لاکان و ڕۆلان بارت.

---

[1]. CULTURAL

پێدەچێت وێنەی سیخوڕە ئەمریکییەکان کە لە قاوەخانەیەکی پاریسیدا کۆبوونەتەوە و بەوردی خەریکی لێکدانەوە و بەراوردکردنی تێبینیەکانیانن لە بارەی کاهینە مەزنەکانی ناو بیری فەڕەنسی، ئەوانە تووشی شۆک بکات کە پێیانوایە ئەم کۆمەڵە لە بیرمەندان ئەستێرەگەلێکن ناکرێت هزری قوڵیان، کە سەر بە جیهانێکی ترە، بە تۆڕی ڕاوکردنێکی بازاڕیەوە ببێت، یان ئەوانەی بەپێچەوانەوە تەماشایان دەکەن، وەک فرۆشیارانێکی گەڕۆکی دەستبڕی گوتارێکی ئاڵۆز کە کەس لێیان تێ ناگات وکاریگەرییەکی کەم نەبێت نیانە، یان هەر کاریگەرییان نیە لە سەر جیهانی واقیعی. بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە ئەوانە تووشی شۆک ناکات کە ئاگادارن لە وەبەرهێنانە بەردەوام و دووروودرێژەکانی سی ئای ئەی لە بواری جەنگی ڕۆشنبیریی جیهانییدا، لە نێویشیاندا پاڵپشتیکردن لەشێوازە هەرە لەپێشینەکان، کە زۆر بەباشی لێکۆڵەرانی وەک فرانسیس ستۆنۆر سۆندرز، و جایلز سکۆت سمس، و هیو ویلفۆرد تۆماریانکردووە(منیش بەشداریی تایبەتییم لەم بوارەدا هەبووە لە کتێبەکەمدا "مێژووی ڕادیکاڵ و سیاسەتی هونەری".

تۆماس دەبلیو برادن، سەرپەرشتیاری پێشووی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی سی.ئای.ئەی باس لە هێزی هێرشی ڕۆشنبیریی ئاژانسەکەیان دەکات ئەمەش لە کتێبی a frank insider’s account کە لە ساڵی ١٩٦٧ دا بڵاوبووەتەوە: دەڵێت "ئەو خۆشییە بێ وێنەیەم لەیادە کە هەستم پێکرد کاتێک ئۆکێسترای سەمفۆنیای بۆستن (کە سی.ئای.ئەی پاڵپشتیی دەکرد) توانیی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. بەدەستهێنانی چەپڵە و ستایشی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە پاریسدا، ئەوەی لەمەدا بەدەستمان هێنا زۆر زیاتربوو لەوەی کە جۆن فۆستەر دالاس یان دوایت ئازینهاوەر بتوانن بە پێشکەشکردنی سەد وتاریش بەدەستی بهێنن". ئەمەش بە هیچ جۆرێک ئۆپەراسیۆنێکی بچوک یان سنوردار نەبوو. لەڕاستیدا، هەروەک ویلفۆرد وتی، کۆڕی ئازادیی ڕۆشنبیری(CCF) ، کە بارەگاکەی لە پاریس بوو، کە دواتر ئاشکرابوو ڕووکارێکی سی.ئای.ئەی بووە لە کاتی جەنگی ساردی ڕۆشنبیرییدا، کە لە هەرە گرنگترین پشتگیریکەران بووە لە مێژووی جیهاندا، کە پاڵپشتیی بێوێنەی زنجیرەیەک لە چالاکیی گرنگی هونەری و ڕۆشنبیریی کردووە. نوسینگەی لە ٣٥ وڵاتدا هەبووە، و دەیەها گۆڤاری گرنگی دەرکردووە، لە بەرهەمهێنانی کتێبدا بەشداریی کردووە، و کۆنگرەگەلێکی پایەبەرزی نێودەوڵەتی و نمایشی هونەری و ئەدەبیی ڕێکخستووە، سەرپەرشتیی نمایش و ئاهەنگەکانی کردووە و زۆر سەخی بووە لە پارەدارکردنی دیاری و مینحە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکاندا، هەروەها لە پشتی ڕووکارەکانی تری سی ئای ئەیەوە بووە وەک دەزگای فارفێڵد.



دەزگاکە لە پاریس: مایکڵ جۆسیلسۆن سیخوڕی سی.ئای.ئەی و سەرۆکی کۆڕی ئازادیی ڕۆشنبیری لە ناوەڕاستەوە، لە گەڵ جۆن کلنتۆن هەنت و مێلفن لاسکی لە چەپەوە، لە کۆبوونەوەیەکدا.

ئەم ئاژانسە هەواڵگرییە لەوە تێگەشتبوو کە ڕۆشنبیری و تیۆر دوو چەکی جەوهەریین لە جبەخانە گشتییەکەدا کە بەکاریدەهێنا بۆ بەردەوامیدان بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەم لێکۆڵینەوەیەی کە بەم دواییانە ئاشکرا کرا و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٥ بە ناونیشانی "فەڕەنسا: هەڵگەڕانەوەی بیرمەندانی چەپ"  کە بێگومان بەدواداچوونێکە لەبارەی بیرمەندانی فەڕەنسی- بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر دابنرێت-  و ڕۆڵی جەوهەریی ئەوان لە درووستکردنی ئەو ڕەوتانەی کە نەخشی سیاسەت دادەڕێژن، ڕاپۆرتەکە دەڵێت هاوسەنگییەکی ئایدۆلۆژیی ڕێژەیی هەیە لەنێوان چەپ و ڕاستدا لە مێژووی فیکری فەڕەنسی لە جیهاندا. ڕاپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر

بەرفراوانبوونی چەپیش لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، ئەمەش وەک دەزانین، ئاژانسەکە زۆر بەتوندی بەرهەڵستیی دەکرد ئەویش بەهۆی ئەو ڕۆڵە یەکلاکەرەوەیەی کە کۆمۆنیستەکان هەیانبوو لە بەرەنگاربوونەوەی فاشیزم و لە کۆتاییشدا سەرکەوتنیان لە جەنگدا دژ بەوان. سەرەڕای ئەوەی "ڕاست" بە تەواوی متمانەی لەدەستدابوو بە هۆی دەستتێکەڵکردنی ڕاستەوخۆی لە سەربازگەکانی مردنی نازییەکاندا، و هەروەها بەرنامە فاشیستییە دژ بە بیانی و دژ بە یەکسانیەکانیان (بەپێی شیکردنەوەی سی ئای ئەی خۆی)، بۆیە ئەو سیخوڕە نەناسراوانەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیان نوسیوە و ناویان نەهێنراوە، بە خۆشحاڵییەوە ئاماژە دەدەن بە گەڕانەوەی ڕاست لە دەوروبەری سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە.

زۆر بەدیاریکراوی، جەنگاوەرە ڕۆشنبیرییە نەناسراوەکان ستایشی ئەوە دەکەن، کە بینیویانە وەک بزاوتێکی دوولایەن بووە و ڕۆڵی بینیوە لە گواستنەوەی سەرنجی ڕەخنەیی ڕووناکبیران  لە ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیەت، لەناو چەپدا بێزارییەکی فیکری پلەبەپلە  لە ستالینیزم و مارکسیزم سەریهەڵدابوو، پاشەکشەیەکی یەک بەدوای یەکی بیرمەندانی ڕادیکاڵ لە گفتوگۆی گشتی درووستببوو، دوورکەوتنەوەیەکی تیۆرییش هەبوو لە سۆسیالیستی و پارتی سۆسیالیستی. بەڵام لە ناوەندەکانی ڕاست دا، ئایدۆلۆژیستە هەلپەرستەکان، کە بە ناوەکانی وەک "فەیلەسوفانی نوێ" و "بیرمەندانی نوێی ڕاست" ئاماژەیان بۆ دەکرا، هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی گەورەیان بۆ لەکەدارکردنی مارکسیزم دەستپێکردبوو.

لە کاتێکدا بەشەکانی تری ئەم دەزگا هەواڵگرییە لە ئاستی جیهانیدا سەرقاڵی لە ناوبردنی سەرکردە هەڵژێردراوە دیموکراتییەکان بوو، و پارە و زانیاریی هەواڵگریی بە سیستەمە دیکتاتۆرییە فاشیستەکان پێشکەشدەکرد، و پاڵپشتیی گرووپەکانی  مردنی سەر بە ڕاستی دەکرد، بەڵام تاقمی ئاژانسی هەواڵگریی سەرەکیی پاریسی زانیاریی کۆدەکردوە لەبارەی ئەوەی چۆن ڕۆیشتنی تیۆری جیهانی بەرەو ڕاست سود بە سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکی دەگەیەنێت. بیرمەندانی خاوەن مەیلی چەپ لە ماوەی دوای جەنگ بەئاشکرا کۆلۆنیالیستی ئەمریکایان دابووە بەر ڕەخنە. هەروەها نفوزی ڕۆژنامەوانیی سارتەر وەک ڕەخنەگرێکی مارکسیی بوێر، و ڕۆڵی بەرچاوی – وەک دامەزرێنەری ڕۆژنامەی لیبراسیۆن-  لە پەردەهەڵماڵین لە سەر ئەفسەرێکی نوسینگەی سی ئای ئەی لە پاریس و ژمارەیەکی تر لە سیخوڕە نهێنیەکانیان، وای کردبوو کە ئاژانسەکە بەوردی چاودێریی بکات و بە کێشەیەکی زۆر ترسناکی دابنێت.

لە بەرامبەردا، بارودۆخی سەردەمی نیولیبرالیی تازەپێگەیشتوو، و دژ بە یەکێتیی سۆڤیەت و مارکسیزم، بەدواداچوونی گشتیی بەلاڕێدابرد و سەرپۆشێکی بێوێنەی پێشکەش بە جەنگە پیسەکانی سی.ئای.ئەی کردبوو لە ڕێگای "تەنگوچەڵەمەدرووستکردن لە سەر ڕێی هەرکەسێک کە بیویستایە بزاوتێکی گرنگ درووستبکات بەمەبەستی درووستکردنی بەرەنگاری لەنێو دەستەبژێری فیکرییدا دژ بە سیاسەتەکانی

ئەمریکا؛ بۆنمونە لە ئەمریکای ناوەڕاست". گریگ گراندین، کە یەکێکە لە مێژوونوسە دیارەکانی ئەمریکای لاتین لە "دوایین قەسابخانەی کۆلۆنیالیستی بەوردی ئاماژە بەم بابەتە دەکات: "سەرەڕای هەستانیان بە دەستتێوەردانە کارەساتبار و کوشندەکانیان بەشێوەیەکی ئاشکرا لە گواتیمالا لە ١٩٥٤، کۆماری دۆمنیکان لە ١٩٦٥، و شیلی لە ١٩٧٣، و سلفادۆر و نیکارگوا لە هەشتاکان، ویلایەتە یەکگرتوەکان پاڵپشتییەکی دارایی و مادی و ئەخلاقیی بەردەوامی دەوڵەتە تیرۆریستی و سەرکوتکار و تاوانبارەکانی کردووە(....)، بەڵام زەبەلاحیی تاوانەکانی ستالین وای کرد کە مێژوویەکی قێزەونی وا (کردەوەکانی ئەمریکا -و-، هەرچەندە لە خراپیدا سەرنج ڕاکێش بوو، بەڵام بنچینەی تێڕوانینی جیهانی دەربارەی ڕۆڵی نمونەیی ئەمریکا لە بەرگریکردن لە دیموکراتیەت لەکەدار نەکات."

لەم چوارچێوەیەدا سیخوڕە دەمامکدارەکان پەسن و پاڵپشتی ئەو ڕەخنە توندانە دەکەن دەکەن کە بیرمەندانێکی دژ بە مارکسیزمی وەک هێنری لیفی برنارد و ئەندریە گلۆکسمان و جان فرانسۆ ڕیفێل دەستیان پێ کردبوو دژ بە " دواهەمین بازنە لە زانایانی کۆمۆنیست" ( کە پێکهاتبوون – بەپێی سیخوڕە نەناسراوەکان- لە سارتەر و بارت و لاکان و لویی ئاڵتۆسێر). ئەگەر مەیلە چەپانەکانی دژ بە مارکسیەکانمان لە سەردەمی گەنجییاندا بە هەند وەرگرت، ئەوا نمونەیەکی تەواو پێشکەشدەکەن لە بونیادنانی سەردێکی هەڵخەڵەتێنەر کە گوایە پێگەشتنێکی سیاسیی شەخسی تێکەڵبووە بە پێشکەوتنێکی یەکبەدوای یەکداهاتوی زەمەنی، هەروەک ئەوەی هەر یەک لە ژیانی فەردی و مێژوویی تەنها بابەتێکی "پێگەشتن- گەورەبوون" بن، و بە دانان بەوەدا کە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی قووڵ و بونیادنراو لە سەر یەکسانی بابەتێکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی کەسی و مێژوویی (واتە گۆڕانی بیروڕای ئایدۆلۆژیی ئەم بیرمەندە ڕاسترەوانە لە چەپەوە بۆ ڕاست وەک بەڵگەیەک دەخرایەوە گوایە وەک چۆن ئەمان لەگەڵ گەورەبووندا لە چەپڕەوەوە بوون بە ڕاسترەو، مێژووی حەتمیی جیهانیش بەرەو ***ڕاست*** دەڕوات کە ڕاستتر و پێگەشتووترە و بابەتی یەکسانییش بابەتێکی بەسەرچووە-و-).

ئەم نەزعە داڕووخاوە خۆبەباڵازان و بەهەمووشتزانە هەر بە تەنها خزمەت ناکات بە لێدان لە ڕاستگۆیی بزوتنەوە نوێیەکان، بە تایبەت ئەوانەی کە تەنها گەنجان بەڕێوەی دەبەن، بەڵکو تێگەشتنێکی هەڵەش درووستدەکات لەبارەی سەرکەوتنە ڕێژەییەکانی ستەمکاری دژە- شۆڕش و پیشاندانی وەک ئەوەی پێشکەوتنێکی ئاسایی مێژوویی بێت.



ڕیمۆن ئارۆن فەیلەسوفی فەڕەنسی و دژ بە مارکسیزم (لە لای چەپەوە) لە گەڵ هاوسەرەکەیدا لە گەشتێکدا لە گەڵ سیخوڕی نهێنیی سی.ئای.ئەی مایکڵ جۆسیلسۆن (لە چەپەوە)، و دێنیس ڕۆجمۆنت (لای ڕاستەوە)

تیۆریستەکانی تر، ئەوانەی دژ بە مارکسیزم نەبوون وەک ئەم بیرمەندە کۆنەپەرستانە، بەشداریی گرنگیان کرد لە درووستکردنی ژینگەیەکی بێهیوا لە یەکسانی، کە جیادەکرایەوە بە دابڕان لە مۆبیلیزەکردنی کۆمەڵایەتی، و "بەدواداچونی ڕەخنەیی" بەتاڵ لە سیاسەتی ڕادیکاڵ. ئەمەش زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو ستراتیژە گشتگیرەی کە سی.ئای.ئەی لە هەوڵە چڕ و نەبڕاوەکانیدا دەیدا بۆ لەبەریەکهەڵوەشاندنی چەپی ڕۆشنبیری لە ئەوروپا و شوێنەکانی تر. بەهێزترین دەزگای هەواڵگری لە جیهاندا دانیناوە بەوەدا کە ناکرێت بتوانرێت بە تەواوی کەلتوری چەپ لەناوبرێت، بەڵام هەوڵیداوە ڕێگری بکات لەوەی کەلتوری چەپ ببێتە سیاسەتێکی بەهێزی دژ بە سەرمایەداری و ئیلهامبەخش بێت، و بەڵکو وای لێ کرد بیخاتە باری هەڵوێستێکی چەپانەی ناوەندگیری ڕیفۆرمخواز کە کەمتر ڕەخنەگر بێت لە سیاسەتە دەرەکی و ناوەکییەکانی ئەمریکا. لەڕاستیدا، هەروەک سۆندەرز بە درێژی باسیکردووە، کە ئاژانسەکە لە پشت سەری کۆنگرێسەوە کە لەلایەن مەکارسیەوە لەدوای جەنگ پاڵپشتی دەکرا هەوڵیدەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پاڵپشتیی پرۆژەی چەپ بکات بە شێوەیەک کە بەرهەمهێنەرو بەکاربەرە ڕۆشنبیرییەکان وا لێ بکات دووربکەونەوە لە چەپێک کە بڕوای بە یەکسانی هەبێت. هەروەها لە ئابڵوقەدان و لێدانی ئەم جۆرە لە چەپ و لێدان لە ڕاستگۆییەکەیان، هەوڵیدا بەتەواوی چەپ لەبەریەکهەڵوەشێنێتەوە، ئەو چەپە ناوەندگیرەشی کە مابووەوە بە پاڵپشتی و هێزێکی گشتیی سنوردارەوە بەجێهێشت (هەروەها دای لە ڕاستگۆیشیان بەو پێیەی کە دەستیان لەگەڵ سیاسەتی

باڵی ڕاستی باڵادەستدا تێکەڵکردبوو، ئەم بابەتەش تا ئێستا، ناوبانگی پارتە هاوچەرخە لە سەر چەپ بونیاد نراوەکان لەکەدار دەکات.(

لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا پێویستە لەو تامەزرۆییەی ئاژانسە هەواڵگرییەکە تێ بگەین لە باسکردنی چاکسازییەکان و پێزانینی قووڵیان بۆ "مارکسییە ڕیفۆرمکراوەکان"، ئەمەش ئەو بیرۆکە زاڵەیە کە بەردەوام دوبارەدەکرێتەوە لەو توێژینەوەیەدا کە دەربارەی تیۆری فەڕەنسی نوسراوە. سیخوڕە نهێنیەکان دەڵێن چالاکترین کەسەکان لە لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی مارکسیزمدا ئەو بیرمەندانە بوون کە سەرەتا وەک بڕوادارانی ڕاستەقینە بە جێ بەجێکردنی تیۆری مارکسی لەناو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستیان پێکرد بەڵام لەکۆتاییدا دووبارە چوونەوە بەسەر هەموو ئەو کەلەپورەدا و ڕەتیانکردەوە". زیاتر باس لە بەشداریی مەزنی قوتابخانەی حەولیاتی مێژوو (Annales School of historiography) هەروەها بونیادگەرەکان دەکرێت- بە تایبەت کلۆد لیڤی شتراوس و فۆکۆ- لە "کاریگەریی ڕووخێنەرانەی ڕەخنەی مارکسی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا". ئاماژە بە فۆکۆ دەکەن، وەک "بیرمەندی فەڕەنسیی هەرەقووڵ و خاوەن زۆرترین کاریگەری"، لە بەر ستایشی ئەو (فۆکۆ) بۆ بیرمەندانی نوێی ڕاست لە بەر ئەوەی فەیلەسوفانیان ئاگادارکردبوەوە لەو "دەرئەنجامە خوێناوییانەی لە تیۆری عەقڵانیی کۆمەڵایەتیی ڕۆشنگەری و سەردەمی شۆڕشی سەدەی هەژدەهەم کەوتنەوە". سەرەڕای ئەوەی گەڕاندنەوەی سیاسەتی هەر کەسێک یان کاریگەرییە سیاسییەکەی بۆ هەڵوێستێک یان یەک ئەنجامگیری کارێکی هەڵەیە، بەڵام، چەپێتیی فۆکۆی دژ بە شۆڕش و ئاماژەی بەردەوامی بێزارکەری بە گۆلاک- واتە وتنی ئەوەی کە بزووتنەوە ڕادیکاڵە زۆر بەربڵاوەکان، کە هەوڵ بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی قووڵ دەدەن، هەڵدەستن بە زیندووکردنەوەی کەلەپووره هەره ترسناکەکە- ئەمەش زۆر هاوئاهەنگە لە گەڵ ستراتیژی ئاژانسی هەواڵگرییەکەدا لە جەنگی دەرونییدا.

خوێندنەوەی سی.ئای.ئەی بۆ تیۆری فەڕەنسی پێویستە تووشی هەڵوێستەمان بکات، بۆ ئەوەی چاو بخشێنینەوە بەو ڕووخسارە ڕادیکاڵە جوانەی کە هاوەڵی زۆر لە وەرگرەکانی دەکرد لە جیهانی ئینگلیزیزماندا، بەپێی بیرۆکەی قۆناغبەندیی پێشکەوتنی پلەبەندیی مێژوویی (کە زۆرجار کوێرە بەرامبەر ئامانجە شاراوەکەی)، زۆربەی جار بەرهەمە فیکرییەکانی کەسانی وەک فۆکۆ و دێریدا و تیۆریستە فەڕەنسییە هاوچەرخەکانی دیکەش یەکسەر دەبەسترێنەوە بەو شێوازانە لە ڕەخنەی قووڵ و ئاڵۆز کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت بازبدەن بە سەر هەرشتێکدا کە لە ناو تەقالیدی سۆسیالیستی یان مارکسی یان ئەنارشیستییدا هەبێت. بێگومان ڕاستیشە کە وەرگرە ئینگلیزەکانی تیۆری فەڕەنسی، هەروەک ئەوەی جۆن ماکەمبەر بەباشی ئاماژەی پێداوە، (تیۆری فەڕەنسی لای ئەوان -و-) مانای سیاسیی شاراوەی گرنگی هەبووە وەک جەمسەرێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێلایەنی درۆزنانەی سیاسی، و شێوە سەلامەتەکانی لۆژیک و زمان، و گوێڕایەڵی ئایدۆلۆژیی ڕاستەوخۆ لە شێوەی گوتاری فەلسەفیی ئەنگلۆ-ئەمریکی پشتگیری لێکراو لەلایەن مەکارسیەوە. بە هەرحاڵ، پراکتیکە تیۆرییەکانی

ئەو کەسانەی کە پشتیانکردە ئەوەی کۆرنیلۆس کاستوریادیس ناوی بردبوو بە، کەلەپوری ڕەخنەیی ڕادیکاڵ، واتە بەرگری دژ بە سەرمایەداری و دژ بە ئیمپریالی- بەشداریکرد لە پاڵپێوەنانی ئایدۆلۆژی بۆ دوور لە سیاسەتی گۆڕانخوازانە .(transformative). هەر بەپێی هەمان ئاژانسی هەواڵگری، تیۆری فەرەنسیی پۆستمارکسی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشدارییکرد لە بەرنامەی سی.ئای.ئەی، ڕۆشنبیری چەپی خەڵەتاند بە ڕووو وەرگێران بەرەو ڕاست، لە هەمانکاتدا دوژمنایەتیکردنی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریی لەناوبرد، بەمەش ژینگەیەکی ڕۆشنبیریی درووستکرد کە بکرێت پرۆژە ئیمپریالییەکانی خۆی جێبەجێ بکات بەبێ ئەوەی هیچ شیکردنەوەیەکی جدی کە بیرمەندان پێی هەڵبسن ڕێگایان لێ بگرێت.

بە هۆی ئەو لێکۆڵینەوانەوە کە لەبارەی بەرنامەکانی سی.ئای.ئەیەوە لە جەنگی دەروونییدا نوسراوە، دەزانین دەزگاکە هەر چاودێری و فشاری بۆ سەر تاکەکان نەکردووە، بەڵکو هەمیشە بەجۆش بووە بۆ تێگەیشتن و گۆڕانکاری لە دەزگاکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیرییدا. لێکۆڵینەوەکەیان کە لەبارەی تیۆری فەرەنسییە ئاماژە دەدات بەو ڕۆڵە بونیادییەی کە زانکۆکان و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن هەیانە لە پێکهێنان و پاڵپشتیکردنی ڕۆحی سیاسیی گشتییدا.

ئەم شیکردنەوەیە، هەروەک کۆی بەڵگەکان، دەبێت بانگمان بکات بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەو بارودۆخە ئەکادیمییەی ئێستا هەیە لە جیهانی ئینگلیزیزمانەکان و ئەوانی تریشدا، نوسەرانی ڕاپۆرتەکە ئەو ڕێگایانەیان پیشانداوە کە یارمەتیدەدات لە کردنی کاری ئەکادیمی بە شتێکی نائارام بۆ لەناوبردنی چەپی ڕادیکاڵ. ئەگەر بیرمەندانی چەپ نەتوانن گەرەنتیی ئامرازە مادییە پێویستەکان بۆ کارەکانیان بکەن، و ئەگەر بەشێوەیەکی فێڵبازانە، ناچارکراین، بە گوێڕایەڵبوون و ملکەچبوون لە پێناوی دەستکەوتنی کار، و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانمان یاخود بۆ گەیشتنمان بە جەماوەر، ئەو لاوازی دەدات لە بارودۆخی بونیادیی کۆمەڵە چەپە بەهێزەکان. بەپیشەکردنی خوێندنی باڵا یەکێکی تر لە ئامرازەکانی ئەم ئامانجەی ئەوان پێکدەهێنێت، بەو پێیەی دەیەوێت خەڵکی بگۆڕێت بە ئامێرێکی تەکنیکی - زانستی لە دزگای سەرمایەدارییدا لە بری ئەوەی هاوڵاتیی ئازاد و خاوەن ئامرازی دڵنیابن لەپێناو ڕەخنەی کۆمەڵایەتییدا. هەروەها، فەرمانبەرانی تیۆر لە سی.ئای.ئەی هەوڵەکانی حکومەتی فەرەنسی ستایشدەکەن لە "پاڵنان بە خوێندکارانەوە بۆ ڕۆیشتن بەرەو پۆلەکانی کار و وانە تەکنیکییەکان". هەروەها ئاماژە دەدەن بەو بەشدارییانەی کە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی وەک "گراسیت" و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی باوی ئەمریکی پێی هەستاون، لە پاڵپێوەنانی بڵندگۆ پاش سۆسیالیستی و دژ بە یەکسانیەکانیان بۆ پێشەوە.

ئەو وانانە چییە کە دەکرێت لەم ڕاپۆرتەوە بەدەستی بخەین، بەتایبەت لە ژینگەی سیاسیی هەنوکەییدا کە بە هێرشی بەردەوامی دەناسرێتەوە بۆ سەر ئەنتلجینسیای ڕەخنەیی؟ یەکەم، پێویستە ئەمە بەتوندی ئەوەمان بیر بخاتەوە کە ئەگەر یەکێک گریمانەی ئەوەی کرد کە بیرمەندەکان بێ هێزن، هەروەها

ئاراستە سیاسییەکانمان گرنگ نیە، ئەوا ئەو ئاژانسەی کە یەکێکە لە بەهێزترین کایەکانی هێز لە سیاسەتی جیهانی هاوچەرخدا لەم بارەیەوە بڕوایەکی پێچەوانەی هەیە. ئاژانسی هەواڵگریی سەرەکی، هەروەک ناوەکەی هەمان ئاماژە دەدات (لە زمانی ئینگلیزییدا بۆ هەواڵگری و بۆ ژیرییش هەمان وشە بەکاردێت -و-)، بڕوای بە هێزی (هزر و تیۆر) هەیە، پێویستە بە جدیەتێکی گەورەوە بڕوانینە ئەم بابەتە. بەڵام ئەگەر بە هەڵە گریمانەی ئەوەمان کرد، کە کاری فیکری کێشکردنێکی کەمی هەیە، یان هیچ کێشکردنێکی لە (جیهانی ڕاستەقینە)دا نیە، ئەوا نەک هەر بەهەڵە لە مانا شاراوە و کردەییەکانی کاری تیۆری تێ دەگەیین بەڵکو هەروەها ڕیسک دەکەین بە فەرامۆشکردنی ئەو پرۆژە سیاسییانەوە کە دەکرێت بەئاسانی بەبێ ئەوەی مەبەستمان بێت ببین باڵوێزانی بەشە ڕۆشنبیرییەکەی. سەرەڕای ئەوەی کە میلەتی فەڕەنسی و دەزگا ڕۆشنبیرییەکەی بڵندگۆیەکی گشتیی هەرە گرنگن بۆ بیرمەندان باشتر لەوەی کە لە هەر وڵاتێکی تردا هەیە، بەڵام سەرقاڵیی سی.ئای.ئەی بە چاودێریکردنی بەرهەمە ڕۆشنبیری و تیۆرییەکان و یاریکردن پێیان لە شوێنانی تر پێویستە هاوکاربێت لەوەدا کە وەک بانگکردنێکی بەئاگاهاتنەوە بێت بۆ هەمووومان.

دووەم، سەنتەرەکانی هێز لە ئێستادا بەرژەوەندییەکی بەهێزیان هەیە لە ڕازاندنەوەی ئەنتلیجینسیایەک کە ژیرییە ڕەخنەییەکەی خامۆش یان لەناوبراوە لەڕێگای هاوکاریکردنی ئەو دەزگایانەوە کە گوایە لە سەر بنەمای بازرگانی و تەکنیکی زانستی درووستکراون، یەکسانکردنی چەپ بە نازانستیبوون، گرێدانی زانست بە بێلایەنیی سیاسی -کە ڕاست نیە-، هەروەها پشتگیریی ئەو ڕاگەیاندنانەی کە پڕکراون لە پەخشی دەمەوەرییەکی ملکەچ، و بەرکەنارکردنی چەپە بەهێزەکان لە دەزگا ئەکادیمییە سەرەکییەکان و لە چاوی میدیادا، و لێدان لە ڕاستگۆیی هەر داواکارییەک بۆ یەکسانیی ڕادیکاڵانە و گۆڕانکاری ژینگەیی بکرێت. ئەوان هەوڵ بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیرییەکی فیکری دەدەن، کە ئەگەر چەپ بوو، ئەوا پێویستە بێلایەن، ناتەیار، تەمەڵ، و قایل بە دڵەڕاوکێیەکی داڕووخاو، یان لە گەڵ ڕەخنەیەکی ناچالاکی چەپێکی ڕادیکاڵ. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە پێویستە وامان لێ بکات ڕکابەرانی فیکری چەپی ڕادیکاڵ کە لە جیهانی ئەکادیمیی ئەمریکییدا باڵادەستن، بە هەڵوێستێکی سیاسیی ترسناک دابنێین: ئایا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاوسۆز نین لەگەڵ بەرنامەی سی.ئای.ئەیی سەرمایەداری لە سەرتاپای جیهاندا؟

سێیەم، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هێرشە دەزگاییەی بۆ سەر ڕۆشنبیری چەپی بەهێز دروووستکراوە زۆر پێویستە کە بەرەنگاری هەڕەشەی سەر خوێندن و کردنی بە پیشە ببینەوە. زۆر گرنگە لە هەردوو ئاستەکەدا فەزای گشتی بۆ گفتوگۆکردنی ڕەخنەیی ڕاستەقینە بکەینەوە و بڵندگۆیەکی بەرفراوان بۆ ئەوانە بڕەخسێنین کە دەزانن جیهانێکی تر نەك هەر تەنها شیاو، بەڵکو پێویستیشە. هەروەها پێویستیش دەکات پێکەوە کۆببینەوە بۆ ئەوەی بەشداربین لە درووستکردن و گەشەپێدانی ڕاگەیاندنی ئەڵتەرناتیف، و نمونەی جیاواز لە خوێندن، و دەزگای پێچەوانە و ڕێکخراوی ڕادیکاڵ. هەروەها زۆر

گرنگە گەشەبدەین بەوەی جەنگاوەرە نهێنییەکان دەیانەوێت لەناوی بەرن: ڕۆشنبیریی چەپی ڕادیکاڵ بە چوارچێوەیەکی دەزگایی فراوانەوە لە پشتگیری، بە پشتگیریی جەماوەری گەورە، و ئامادەبوونێکی ڕاگەیاندنی فراوان و بەهێز لە تەیارکردندا.

لەکۆتاییدا، پێویستە هزرڤانانی جیهان یەکدەنگ بن لە درککردن بە هێزی خۆیان و بیپارێزن لە پێناوی کردنی هەموو شتێکدا بۆ گەشەدان بە ڕەخنەیەکی سیستەماتیک و ڕادیکاڵ کە بانگی یەکسانی و بەرگریکردن لە ژینگە بدات و دژ بە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بێت. ئەو هەڵوێستانەی کە کەسێک لە پۆلدا یان لە دەرەوە بەرگریی لێ دەکات گرنگن بۆ دانانی مەرجەکانی گفتوگۆ و نەخشەکێشانی بواری شیاوە سیاسیەکان. لە بەرەنگاربونەوەیەکی ڕاستەوخۆی ستراتیژی ڕۆشنبیری ئاژانسی هەواڵگری لە پەرتکردن و دووبەرەکی نانەوە، کە هەوڵیداوە لە ڕێگەیەوە چەپی دژ بە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بەرکەنار بکات، و ئاراستەی بکات بەرەو هەڵگرتنی هەڵوێستی ڕیفۆرمخوازانە، پێویستە یەکبگرین و تەیار بین و درک بکەین بە گرنگی کاری پێکەوەیی- لە ڕێگای هەموو چەپەوە، هەروەک بەم دوایانە (کییانگا یاماهاتا تیلۆر Keeanga-Yamahtta Taylor) بیری خستوینەتەوە، بۆ گەشەپێدانی ئەنتلیجینسیایەکی ڕەخنەیی ڕاستەقینە. لە بری پیشاندانی نیگەرانی لە بێ دەسەڵاتیی بیرمەندان، پێویستە هێزی خۆمان بۆ وتنی ڕاستی بە دەسەڵات پیشانبدەین لەڕێگەی کاری بەکۆمەڵ و تەیارکردنی تواناکانمان پێکەوە بۆ دامەزراندنی دەزگا پێویستەکانی جیهانی چەپی ڕۆشنبیری. تەنها لە جیهانێکی وەک ئەمەدا، و لە جێگایەکدا کە دەنگدانەوەی بۆ ئەو ژیرییە ڕەخنەییە هەبێت کە بەرهەمیدەهێنێت، دەکرێت ڕاستییە وتراوەکان ببیسترێن، پاشان بونیادی دەسەڵات بگۆڕدرێت.

*گابرێل ڕۆکهیڵ فەیلەسوف و ڕەخنەگرێکی کەلتورییە و تیۆریستێکی سیاسییە، لە زانکۆی فیلانۆڤا وانەدەڵێتەوە، و لە زیندانی گراترفۆرد کاردەکات، سەرپەرشتی ۆرکشۆپی تیۆری ڕەخنەیی دەکات لە سۆربۆن. لە کتێبە چاپکراوەکانی: دژە- مێژووی ئێستا ٢٠١٧، دەستتێوەردان لە بیری هاوچەرخدا ٢٠١٦، مێژووی ڕادیکاڵ و سیاسەتی هونەری.

سەرچاوە :

http://thephilosophicalsalon.com/the-cia-reads-french-theory-on-the-intellectual-labor-of-dismantling-the-cultural-left/

.